# بڕیاری ژمارە (102) ی ساڵی(2017)

**پشت بەست بە ئەحکامی بڕگەی (10) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣)ی ساڵی١٩٩٢ ی هەموارکراو، وە لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (24) لە 16/ 3 /2017 ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد:**

## میکانیزمی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرپێچیکارانی باج

## ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (10)ی ساڵی ٢٠١٧

**ماددەی یەکەم:**

**خۆ تۆمارنەکردن یان نەدانی زانیاری داواکراو بە دەسەڵاتی دارایی**

1- هەر باجدەرێك خۆی لای دەسەڵاتی دارایی تۆمار نەکات یان زانیاری پێویست نەدات، هەر وەک لە ماددەی (2)ی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (10)ی ساڵی2017ی تایبەت بە جێبەجێکردنی پەیڕەوی خودخەمڵاندن لە ماوەی (2) دوو مانگدا لە ڕێکەوتی وەدەستهێنانی مۆڵەتی کار، ئەوا بڕی پارەی سەربار (اضافي) دەکەوێتە ئەستۆ بەم شێوەیە:

أ-2,500,000 دوو ملیۆن و پێنج سەت هەزار دیناری عێراقی بۆ کۆمپانیاکانی پشکدار(مساهمة).

ب- 1,500,000 یەک ملیۆن و پێنج سەت هەزار دیناری عێراقی بۆ کۆمپانیاکانی هاوکاری (التضامن) و بەرپرسێتی سنووردار و تێکەڵ، هەروەها بۆ ئەو کۆمپانیا و دامەزراوانەی لە باج بەخشراون.

ج- 500,000 پێنج سەت هەزار دیناری عێراقی بۆ کۆمپانیاکانی تاك (الفردي) و سادە (البسيطة) وسەرجەم باجدەرەکانی تر.

2- هەر کەسێك دەسەڵاتی دارایی ئاگادار نەکاتەوە لە هەر گۆڕانکارییەک بە پێی ماددەی (2)ی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (10)ی ساڵی2017ی تایبەت بە جێبەجێکردنی پەیڕەوی خودخەمڵاندن ئەوا بڕی پارەی سەربار (اضافی) دەکەوێتە ئەستۆ بەم شێوەیە:

أ- 250,000 دوو سەت و پەنجا هەزار دیناری عێراق بۆ کۆمپانیاکانی پشکدار.

ب- 150,000 سەت و پەنجا هەزار دیناری عێراق بۆ کۆمپانیاکانی هاوکار و بەرپرسێتی سنوردار و تیکەڵ، هەروەها ئەو کۆمپانیا و دامەزراوانەی کە لە باج بوراون.

ج- 50,000 پەنجا هەزارد یناری عێراق بۆ کۆمپانیاکانی تاك و سادە و هەروەها سەرجەم باجدەرەکانی دی.

3- هەر کەسێك دەسەڵاتی دارایی ئاگادار نەکاتەوە لەوەی کە لە کار وەستاوە لە ماوەی یاساییدا کە لە ماددەی (٢) لە ڕێنمایی ژمارە (10)ی ساڵی 2017ی تایبەت بە جێبەجێکردنی پەیڕەوی خود خەمڵاندندا هاتووە، ئەوا بڕی پارەی سەرباری دەکەوێتە ئەستۆ بەم شێوەیە:

أ- 250,000دوو سەت و پەنجا هەزار دیناری عێراق بۆ کۆمپانیاکانی پشکدار.

ب . 150,000 سەت و پەنجا هەزار دیناری عێراق بۆ کۆمپانیاکانی هاوکار و بەرپرسێتی سنوردار و تیکەڵ، هەروەها ئەو کۆمپانیا و دامەزراوانەی کە لە باج بوراون.

ج . 50,000 پەنجا هەزار دیناری عێراق بۆ کۆمپانیاکانی تاك و سادە و هەروەها سەرجەم باجدەرەکانی دیکە.

**<u>ماددەی دووەم:</u>**

**پێشکەشنەکردنی ڕاپۆرت (التصریح)**

هەر باجدەرێك وەك لە ماددەی (3)ی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (10)ی ساڵی ٢٠١٧ ی تایبەت بە پەیڕەوی خود خەمڵاندندا هاتووە ئەگەر ڕاپۆرت (تصریح) پێشکەش نەکات، ئەوا بڕی پارەی سەرباری دەکەوێتە ئەستۆ بەڕێژەی (٥٪) لە بەهای باجی کەوتوو، بە پێی ڕاپۆرت یان ئەو باجەی لەلایەن دەسەڵاتی دارایی دیاریکراوە بۆ هەر مانگێکی دواکەوتن (یان کەمتر لە مانگێك) بەمەرجێك کۆی برە پارەی سەربار لە ڕێژەی (١٠٠٪)ی باجی کەوتوو تێنەپەڕێ بۆ هەر ڕاپۆرتێک. هەروەها کەمتر نەبێ لە:

أ . 1,000,000 یەک ملیۆن دیناری عێراق بۆ کۆمپانیاکانی پشکدار.

ب. 500,000 پێنج سەت هەزار دیناری عێراقی بۆ کۆمپانیاکانی هاوکار و بەرپرسێتی سنوردار و تیکەڵ، هەروەها ئەو کۆمپانیا و دامەزراوانەی کە لە باج بوراون.

ج. 100,000 سەت هەزار دیناری عێراقی بۆ کۆمپانیاکانی تاك و سەرجەم باجدەرانی دیکە.

**ماددەی سێیەم:**

**راپۆرتی ناڕاستی باج (التصاریح الضریبه غیر صحیحة)**

هەر کەسێك راپۆرت پێشکەش بکات بەگوێرەی راپۆرتەکە باجی کەمتر بێ لەو باجەی بەفیعلی دەکەوێتە ئەستۆی، ئەوا بڕی پارەی سەرباری دەکەوێتە ئەستۆ بەڕێژەی (٥٥٪) لە بەهای جیاوازی نێوان ئەو باجەی بەفیعلی دەکەوێتە ئەستۆی لەگەڵ بڕی ئەو باجەی بەگوێرەی راپۆرت دیاری کردووە. بەمەرجێك ئەم بڕە سەربارە کەمتر نەبێ لە:

أ. 1,000,000 یەک ملیۆن دیناری عێراقی بۆ کۆمپانیاکانی پشکدار.

ب. 500,000 پێنج سەت هەزار دیناری عێراقی بۆ کۆمپانیاکانی هاوکار و بەرپرسێتی سنوردار و تیکەڵ، هەروەها ئەو کۆمپانیا و دامەزراوانەی کە لە باج بوراون.

ج. 100,000 سەت هەزار دیناری عێراقی بۆ کۆمپانیاکانی تاك و سەرجەم باجدەرانی دی.

**ماددەی چوارەم:**

**خۆنەزانکردن (الاغفال) لە زانیاری ناوراپۆرت**

هەر باجدەرێك لەکاتی پڕکردنەوەی ڕاپۆرتی باج زانیاری نێو راپۆرت بشێوێنت و بیەوێت لە زانیارییەکانی خۆی غافڵ بکات بەمەرجێ کاریگەری لە بڕی باجەکەی نەکات، ئەوا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و یاسا تایبەتیەکانی باج، باجی سەرباری دەکەوێتە ئەستۆ بۆ هەر راپۆرتێک بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. 250,000 دوو سەت و پەنجا هەزار دیناری عێراقی بۆ کۆمپانیاکانی پشکدار.

ب . 150,000 سەت و پەنجا هەزاردیناری عێراقی بۆ کۆمپانیاکانی هاوکاری و بەرپرسێتی سنوردار و تێکەڵ، هەروەها ئەو کۆمپانیا و دامەزراوانەی کە لە باج بوراون.

ج. 50،000 پەنجا هەزار دیناری عێراقی بۆ کۆمپانیاکانی تاك و سادە و سەرجەم  باجدەرانی دی.

**<u>ماددەی پێنجەم:</u>**

**بەکارنەهێنانی تۆمارە دار اییەکان (عدم مسک دفاتر)**

هەر کەسێك پابەند نەبێ بە مەسکی دەفاتر و بەڵگەنامە ژمێریارییەکان بەپێی ماددەی (٤)ی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (10)ی سالی ساڵی ٢٠١٧ی تایبەت بە جێبەجێکردنی پەیڕەوی خود خەملاندن، یان سەرپێچییەک بکات لە بەکارهێنانی تۆمارە ژمێریارییەکان، ئەوا بڕی سەرباری دەکەوێتە سەر بە ڕێژەی (50٪) لە سەتا پەنجا لە پوختەی ئەو باجەی کە راپۆرتی تێدا پێشکەش نەکردووە (غیر مصرح عنها)، بە مەرجێك کەمتر نەبێ لە:

أ. 1,000,000 ملیۆنێک دیناری عێراقی بۆ کۆمپانیاکانی پشکدار.

ب. 500,000 پێنج سەت هەزار دیناری عێراقی بۆ کۆمپانیاکانی هاوکاری و بەرپرسێتی سنوردار و تێکەڵ، هەروەها ئەو کۆمپانیا و دامەزراوانەی کە لە باج بوراون.

ج. 100,000 سەت هەزار دیناری عێراقی بۆ کۆمپانیاکانی تاك و سادە و سەرجەم باجدەرانی دیکە.

**<u>ماددەی شەشەم:</u>**

**دو اکەوتن لە باجدان**

هەر باجدەرێك لە ماوەی باجدانی دیاریکراو، ئەو باجەی دەکەوێتە ئەستۆ نەیدابێت بە گوێرەی ماددەی (٦) لە ڕێنمایی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (10)ی ساڵی ٢٠١٧ ی تایبەت بە پەیڕەوی خود خەملاندن، ئەوا بڕی سەرباری دەکەوێتە ئەستۆ بە ڕێژەی (١٠٪) دە لە سەت لە باجی کەوتووی سەری.

**<u>ماددەی حەفتەم:</u>**

**فائیدەی دو اکەوتن لە باجدان**

1 . لەکاتی دواخستنی دانی باج لە ماوەی دیاریکراوی باجدا بەپێی ماددەی (٦) لە ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (10)ی ساڵی ٢٠١٧ ی تایبەت بە پەیڕەوی خود خەمڵاندن، یان لە کاتی ناتەواوی لە دانی باج سەبارەت بە باجی دەرامەت یا ئەو لێبڕینە ڕاستەوخۆیەی لە باجی موچە و باجی فرۆشراوەکان دێتە دی، ئەوا بڕی پارەی سەربار دەکەوێتە سەر ئەو باجەی نەدراوە، فائدەی دواکەوتنیش بە گوێرەی بڕیارێك لە لایەن وەزیری دارایی و ئابوری هەرێمەوە دیاری دەکرێ.

2 . فایدەی دواکەوتن لە باجدان:

أ . لە حاڵەتی خود خەمڵاندن لە باج و لەو حاڵەتانای کە بەڕێوبەرایەتی باج هەڵدەستێت بە خەمڵاندنی باجی تەواوکاری یان باجی زیادە بۆ ساڵی پەیوەندیدار، وا دادەنرێت لە ڕێکەوتی کۆتایی ماوەی بنچینەیی لەپێش (1)ی تەمموزی ئەو ساڵە بۆ شایانبوونی لەو بەروارەوە.

ب . لە حاڵەتەکانی دیکەدا، وا دادەنرێ لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراو بۆ باجدان.

<u>**ماددەی هەشتەم:**</u>

**خۆدزینەوە لە باج**

هەر کەسێك لە ئامادەکردنی راپۆرت باج یان حساب یان زانیاری یان ڕاگەیاندنی ناڕاست یان نا تەواو ئامادە بکات یان پێشکەش بکات یان بەشداری تێدا بکات یان هاوکاری بکات یان بەدەستەوە بدات، ئەوا بەگوێرەی یاسا و بڕیارەکانی باج بڕی سەرباری دەکەوێتە ئەستۆ بەڕێژەی (50٪) لە سەتا پەنجا لە بەهای جیاوازی نێوان پوختەی باجی کەوتو، لەسەری لەگەڵ ئەو باجەی کەلە ڕاپۆرتدا هاتووە.

بەمەرجێك ئەو بڕە کەمتر نەبێ لە 1,000,000 یەك ملیۆن دیناری عیراقی و لەحاڵەتی دووبارەبوونەوەی سەرپێچییەکە، ئەو بڕە سەرەوە دوو هێندە دەبێتەوە. هەروەها جگە لە هیچ حوکمێکی توندتری ئەو یاسایە هیچ حوکمێکی دیکە جێبەجێ ناکرێت هەروەك لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە ١١٣ی ساڵی ١٩٨٢ ی هەموارکراودا هاتووە.

<u>**ماددەی نۆیەم:**</u>

ئەو بڕیارەی ڕاپۆرتی باج کە لەو ساڵەی کە (٣١)ی کانوونی یەکەمی 2016 کۆتایی دێت هەروەها بۆ ساڵانی دواتریش و کاری پێدەکرێت و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگاداردەکرێتەوە لە ڕاپەڕاندنی.

**<u>ماددەی دەیەم:</u>**

حوکمەکانی ئەم بڕیارە لەسەر بنچینە ئەنجامدراوەکان دوای ڕێکەوتی جێبەجێکردن دەچەسپێت.

**<u>ماددەی یازدەم:</u>**

کار بەم بڕیارە دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**واژوو**

**نێچیرڤان بارز انی**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران**

..........................................................................

لە لاپەڕە (1-4)ی ژمارە (208)ی ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) لە (2017/4/6) بڵاو کراوەتەوە.